https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.12

e-ISSN (2617-0752)　　p-ISSN (2617-0744)

# عضدالدين الإيجي ژيانى و ڕۆڵى ڕامياری له دەوڵەتی ئیلخانییەکان

## (٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)

د. ئاری کاکل محمد

فاکەڵتیی ئاداب ـ زانکۆی سۆران

ari.mohammed@hist.soran.edu.krd

**پوختە:**

عضـدالدین الإیجـي زانـا و دادوەرێکـی بـەناوبانگی کـوردی هـەرێمی فارس بووە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەمی زاینی، یەکێک بوو لـە زاناکـانی بـواری بیروبـاوەڕ و فیقهزانـی، لـە ڕێگـای نوسـینەکانیەوە کاریگەریی لەسەر هزری بەشێک لە موسڵمانان دروستکردووە، بە تایبەت ئەوانـەی لایـەنگری مەزهـەبی شـافیعین، و لەسـەر ڕێبـازی ئەشـعەرین، تـاوەکو سـەردەمی ئێسـتاش ئـەم کاریگەرییـە بـەردەوامی هەیـە و بـە مامۆستایەکی گەورەی ئەم ڕێبازە دادەنرێت.

هەروەها لەلایەن دەسەڵاتداران ڕێزی زۆری لێگیراوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندییـەکی بـاش و پتـەوی لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـە پیـاوانی ڕامیـاری هەبووە، ئەمانەش ڕێگایان خۆشکرد تاوەکو کاری دادوەری وەربگرێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت، لە ڕووی ڕامیارییەوە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لـە یارمەتیدانی سیاسەتمەداران و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەم توێژینەوە باس لـە ژیـان و بەرهەمـە زانسـتی و ڕۆشـنبیرییەکانی ئەم زانایە دەکات لە هەرێمی فارس لە سەردەمی ئیلخانییەکانی مەغۆل، لـە هـەمان کاتـدا ڕۆڵـی لـە هـەردوو بواری دادوەری و ڕامیاریدا دەخاتـەڕوو، هەروەها سەرنج و بۆچوونەکانی دەربـارەی چەندین مەسـەلەی ڕامیـاری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتداران و پیاوانی ڕامیاری ڕووندەکاتەوە.

**وشـە کلیلییەکـان:** دادوەر عضـدالدین الایجـی، سـوڵتان أبـو سـعید بهادرخان، میر أبو اسحاق، میر مبارزالدین محمد، ئیلخانەکانی مەغۆل.

## عضدالدين الإيجي

## ژیانی و ڕۆڵی ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیلخانییەکان

## (٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)

### پێشەکی:

هــەرێمی فــارس لــە ســەردەمی فەرمانڕەوایــەتیی ئیلخانییــەکانی[١] مەغۆل[٢] لە نێوان ساڵانی (٦٨٠-٧٥٦ ک/ ١٢٨١-١٣٥٥ ز)دا پێشکەوتنێکی بــەرچاوی بەخۆیــەوە بینــی لــە ڕووی چــالاکی ڕۆشــنبیری و هزرییــەوە، کۆمــەڵێـک لــە زانــا و ڕۆشــنبیر و مێژوونــوس دەرکــەتن و ناوبانگیــان پەیداکرد، یەکێک لەم کەسایەتییانەی لە چەند بوارێکدا ناوبانگی پەیداکرد وەک ڕۆشـنبیری و دادوەری و ڕامیـاری نـاوی (عضـدالدين الإيجـي)بـوو، توانی لە ڕێگای نوسـین و بڵاوکراوەکانی خزمـەتێکی گـەورە پێشکەش بە شارستانیەتیی ئیسلامی بکات.

ئیجی لەگەڵ ئەوەی لە بواری زانست و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی گەورەی هــەبوو، هــەروەها لــە ڕێگــای وەزیفــەی دادوەریشــەوە خزمــەتێکی زۆری کـردووە، یـەکێک بـوو لـە دادوەرە بەناوبانگـەکانی سـەردەمی ئیلخانـەکانی مەغۆل لە هەرێمی فارس، لە هەمان کاتدا کـاری ڕامیاریشـی ئەنجامـداوە و بۆچوونەکانی خۆی لەم بوارەدا دەرخستووە، ڕۆڵێکی گەورەی هـەبووە لـە چارەســەرکردنی زۆرێـک لــە کێشــە و قەیرانــە سیاســییەکانی ســەردەمی خــۆی، تەنانــەت دەســەڵاتــداران و کاربەدەســتانی نــاوەوە و دەرەوەی هەرێمی فارسیش سوودیان لـە شـارەزایی و زانسـتەکەی وەرگرتـووە، بۆ چەندین مەسەلەی گرنگ ڕاوێژیان پێی کردووە.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بواری دادوەری و ڕامیاری بەڵام نوسەران و مێژوونوسان تەنها وەک زانایەکی شافیعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری دەیناسێنن، بە تایبەت ئەوانەی دۆست و لایەنگیری ئەم زانایەن زیاتر بایەخیان بە بیروڕا و بۆچوونەکانی داوە لە بواری بیروباوەڕ و فیقهی ئیسلامیدا، ئەوانەشی جیاوازییان هەیە لەگەڵیدا لە ڕووی بیروڕا و مەزهەبییەوە خۆیان دوور گرتووە لە باسکردن و ناوهێنانی.

لەم سۆنگەیەوە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەک ئەنجامبدەین لەسەر ئەم زانا کوردەی هەرێمی فارس، زیاتر تیشک بخەینە سەر بیر و بۆچوونەکانی لە بواری ڕامیاریدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیلخانییەکانی مەغۆل، بە هیوای ئەوەی هەوڵ و ماندووبوون و کارەکانی وننەبێت، هەروەها ڕێگا خۆش بکەین بۆ کەسانی ئەکادیمی و زانستخواز تاوەکو لە ئایندەدا زیاتر بایەخی پێ بدەن و توێژینەوەی وردتر و ئەکادیمی لەسەر ئەنجامبدەن.

**یەکەم: ژیانی:**

**١- ناو و ڕەچەڵەک و پێگەیشتنی:**

ناوی عبدالرحمن کوڕی ئەحمەد کوڕی عبدالغفار کوڕی ئەحمەدە، چەندین نازناوی هەبووە، وەک: (أبو الفضل) و دادوەری دادوەرانی ڕۆژهەڵات (إبن قاضي شهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٣٣)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢: ٨/ ٢٩٨)، هەروەها نازناوی (المطرزي القاضي) هەبووە (إبن الفوطي, ١٤١٥ هـ: ١/ ٤١١)، لەلایەکی تر مێژوونوس (السیوطي) نازناوی زانای شافیعی پێداوە (١٩٦٥: ٢/ ٧٥)، ئەم هەموو نازناوانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەسێکی ڕێزدار و بەناوبانگ بووە لەلایەن زانایان و کاربەدەستان و خەڵکی گشتی، هەروەک گەڕیدەی بەناوبانگ (إبن بطوطة) کاتێک سەردانی وڵاتی

فارسی کردووە ناوبانگی ئەم زانایەی بەرگوێ کەوتووە و لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((فیقهزان و پێشەوایەکی خاوەن ڕێز و قەدرگران و پایەبڵندە، بەناوبانگ بوو لە وڵاتەکەی)) (١٩٩٧: ٤٥٦).

ئەم زانایە لە شاری ئیگ یان ئیج (ایج) لەدایکبووە, لەبەرئەوە بە (عضدالدین الإیجي) یان (الایجي) ناوبانگی دەرکردووە (الأصبهاني، ١٣٩٢ هـ: ٥/ ٥١–٥٢), گەڕیدە و جوگرافیناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئیگ شارێکی بچووکی هەرێمی فارس بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها سەر بە شاری دارابگرد (یان دارابجرد) بوو، دەکەوێتە باشووری شاری ئیستهبانات لە هەرێمی فارس (یاقوت الحموی، ٢٠١٠، ١/ ٢٨٧)؛ (الاصطخري, ١٩٢٧, ١٠٧–١٠٨).

سەرچاوە مێژووییەکان دووپاتی دەکەنەوە کوردەکان دانیشتوانی (ئیگ) پێکدێنن، ئەم زانایەش کە خەڵکی ئەم شارە بووە، تەنانەت هەندێکیان ڕەچەڵەکی دەگەڕێننەوە بۆ هۆزێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی فارس بە ناوی شوانکارە، کاتێک ناوی دێنن بە: عضدالدین شوانکاری (القزوینی، ١٣٨١ هـ: ٦٩٩)؛ (إبن بطوطة, ١٩٩٧: ٤٥٦). مێژوونوس و جوگرافیناسەکان شوانکارە بە هۆزێکی کوردی دادەنێن، ئەم هۆزە لە چەند عەشیرەت و تیرە پێکهاتووە وەک: ڕامانی و ئیسماعیلی و مەسعودی و کروزبی و شکانی (إبن البلخي, ١٣٨٥ هـ ١٦٤–١٦٧), لە لایەکی تر هەندێکیان کاتێک ناوی هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دێنن ناوی ئەم عەشیرەتانە و بە تایبەت ڕامانی دێنن (المقدسي, ١٩٨٧: ٣٣٩)، ئەمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان کردن, بۆمان دەردەخات ئەم زانایە بە ڕەچەڵەک کوردە, لە ڕەچەڵەکی یەکێک لە هۆزە کوردییەکان بووە.

سەرچاوەکان کۆکنین لەسەر ساڵی لەدایکبوونی، هەندێکیان ئاماژەیان کردووە لە ساڵی (٦٨٠ ک/ ١٢٨١ ز) لەدایکبووە (السبکي,

١٩٩٢: ١٠/ ٤٦)؛ (المقريزي, ١٩٩٧: ٤/ ٢١٧), بەڵام هەندێکی تریان ئاماژە دەکەن لە پاش ساڵی (٧٠٠ ک/ ١٣٠٠ ز) لەدایکبووە (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣: ٢/ ٢٢٩)؛ (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧), هەندێکی تریش ساڵی (٧٠٨ ک/ ١٣٠٧ ز) یان دیارکردووە (إبن قاضي شهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٢٧)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢: ٨/ ٢٩٨).

بەڵام دەتوانین ساڵی (٦٨٠ ک/ ١٢٨١ ز) دیار بکەین، چونکە یەکێک لەوانەی ئاماژەی بەم ساڵە کردووە (السبكي) هاوسەردەمی زانا ئیجی بووە، هەروەها لە ڕووی بیروباوەڕ و ڕێبازەوە نزیکایەتی هەبووە لە نێوانیاندا، هەردووکیان زانایەکی شافیعی مەزهەب بوون و سەر بە ڕێبازی ئەشعەری بوون، لە هەمان کاتدا شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ژیانی زانا و کەسایەتیی ئەشعەرییەکان هەبووە، بۆیە وتەی ئەو زیاتر وەردەگیرێت لە کەسانی تر.

زانا و دادوەر ئیجی ژیانی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی لە ئیگ بووە، تاوەکو ئەو کاتەی سوڵتان داوای لێدەکات بەرەو شیراز[٣] بچێت (المرعشلي، ١٤٢٥ هـ: ٢/ ٢٩)، ئەوەی شایانی باسکردن بێت یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەی پێویستە لەسەر ژیانی منداڵی و گەنجێتیی ئەم زانایە تاوەکو ئەو کاتەی وەک ناودارێک دەردەکەوێت.

## ٢- چالاکییە زانستییەکانی:

### أ- مامۆستاکانی:

لە ماوەی خوێندن و ژیانی زانستی خۆیدا لەسەردەستی کۆمەڵێک لە مامۆستاکانی سەردەمی خۆیدا خوێندوویەتی و زانستی وەرگرتووە، لە

دیــارترین ئــەو مامۆســتایانەی ئیجــی لــە لایــان خوێندوویــەتی ئەمانــەی خوارەوەن:

١- الشــیخ زیــن الــدین الهنکــي: یــەکێك بــووە لــە قوتابیــانی پێشــەوا (البیضاوي)، مامۆستای زانا عضدالدین ئیجی بووە، تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکـەن, ئیجی زۆر سەرسام و کاریگـەر بووە بە بیروڕا و بۆچوونـەکانی, لـە کتێبـەکانی خۆیـدا لـە بـواری بیروبـاوەڕی ئەشـعەریدا سوودی زۆری لە زانیارییەکانی ئەم مامۆستایەی وەرگرتووە و ئاماژەی پێکــردووە (الســبکي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٦)؛ (إبــن حجــر العســقلاني, ١٩٩٣: ٢/ ٣٢٢)؛ (نویهض, ١٩٨٨: ٢٦٢).

٢- الشیخ الإمام فخر الدین الجاربردي (ت ٧٣٦ هـ/ ١٣٣٥ ز): نـاوی فخـر الـدین ئەحمـەد کـوڕی حسـن الجـاربردي بـوو, زانایـەکی گـەورەی ئەشعەرییەکان بوو، مامۆستایەکی ئیجی بووە, لە بواری فیقهی ئیسلامیدا ئیجی زانیارییـەکی زۆری لـەم مامۆسـتایەی وەرگرتـووە (السـبکي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٧- ٤٩).

## ب- قوتابییەکانی:

زانــا (عضــدالدین الإیجــي) پــاش ئــەوەی خوێنــدن تــەواو دەکــات و زانستێکی زۆر وەردەگرێت ئینجا دەستدەکات بە فێرکردنی خـەڵکانی تر، واتا پاش ئەوەی تەواو شارەزا دەبێت و زانستێکی زۆر وەردەگرێت, ئەو کات بە کاری مامۆستایەتی هـەڵدەستێت، هـەروەها ئەو پارە و سامانەی هـەیبووە هـەمووی لـە پێناو فێرکردنی قوتابییـەکانی خـەرج دەکرد، توانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا ژمارەیەک لە قوتابی پێ بگەیەنێت لە دواییدا زانای گـەورەیان لـێ دەربکـەوێت، لـە دیـارترین ئەوانـەی لەسەردەسـتی ئیجـی پێگەیشتن و ناویان دەرکرد ئەمانەی خوارەوەن:

١- پێشەوا شمس الدین محمد الکرماني: ناوی شمس الدین محمد کوڕی یوسف کوڕی علي کوڕی عبدالکریم الکرمانییە, ماوەی دوانزە ساڵ لەگەڵ پێشەوا ئیجی ژیانی بەسەر بردووە، یەکێک بووە لە قوتابییە چالاکەکانی زانا ئیجی، چەند کتێبێکی هەیە یەکێکیان بە ناوی (الکواکب الدراري في شرح صحیح البخاري)یە (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٢).

٢- پێشەوا ضیاء الدین عبدالله العفیفي: ناوی ضیاء الدین عبدالله کوڕی سعدالله کوڕی محمد العفیفي القزویني المصرییە، ناسراو بووە بە (القرمي) و (ابن قاضي قرم), زانایەکی بەناوبانگی شافیعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری بوو, یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئیجی، زانیارییەکی زۆری لە مامۆستاکەی وەرگرتووە، بە تایبەت لە بواری فیقهزانیدا (إبن حجر العسقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٢).

٣- پێشەوا سعد الدین مسعود التفتازاني (ت ٧٩١ ک/ ١٣٩٣ ز): ناوی مسعود کوڕی عمر کوڕی عبدالله, نازناوی (سعد الدین) بوو, بە (سعد الدین التفتازاني) ناسراو بوو, لە ساڵی (٧١٢ ک/ ١٣١٢ ز) لە گوندی تفتازان لە خۆراسان لە نسا لەدایکبووە، زانایەکی شافیعی ئەشعەری بووە، ئەمیش قوتابیی ئیجی بوو، لە بواری بیروباوەڕ و فیقهزانی زانیاری زۆری لێ وەرگرتووە (السیوطي, ١٩٦٥, ٢/ ٢٨٥)؛ (إبن العماد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٧).

لەگەڵ ئەوەی تێگەیشتنی گران بووە، بەڵام هەرگیز لە هەوڵدان بۆ فێربوون و داواکردنی زانست دانەنیشتووە و کۆڵی نەداوە، زۆربەی جار ئیجی لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیدا نموونەی بە تفتازانی دەهێنایەوە, تاوەکو خەڵکی چاوی لێ بکات و چۆن ئەم پیاوە گرفتی گران تێگەیشتن

ڕێگرنـــەبووە لەبـــەردەمی تـــاوەکو فێرببێـــت و زانایـــەکی گـــەورەی لـــێ دەربکەوێت (إبن العماد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٨–٥٤٩).

خـاوەنی ژمارەیـەک کتێبـی بەناوبانگـە وەک کتێبـەکانی (التلـويح فـي كشف حقائق التنقيح) و (شرح العضد على مختصر ابن الحاجب) و (شـرح العقائد النسفية) و (شـرح مقاصد الطالبين في علم أصـول الدين) و (شـرح مختصر الشمسية) و چەندانی تر (السـيوطي, ١٩٦٥, ٢/ ٢٨٥)؛ (إبـن العمـاد, ١٩٩٢, ٨/ ٥٤٩)،

٤– پێشـەوا سـيف الـدين ابهری: یـەکێک بـووە لـە قوتابییـە چـالاک و زیرەکـەکانی ئیجی، تەنانـەت لـە زۆربـەی مەسـەلە و بابەتەکانـدا گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەی لەگەڵ مامۆستاکەی خۆیدا کردووە, چـونکە بیـروڕای جیاوازی لەگـەڵ مامۆسـتاکەی هـەبووە (إبـن حجـر العسـقلاني, ١٩٩٣, ٢/ ٣٢٣)؛ (الشوكاني, ١٣٤٨ هـ, ١/ ٣٢٧).

**ج– بەرهەمەکانی:**

١– بیروباوەڕ و (علم الكلام):

ئیجی لـە مـاوەی تەمـەنی خۆیدا ژمارەیـەکی زۆر لـە بەرهـەمی کتێبـی هـــەبووە، لەناویانـــدا کتێبـــی (المواقـــف فـــي علـــم الكـــلام), ئـــەم کتێبـــە لـــە بـــەناوبانگترین و دیـــارترین کتێبـــەکانی ئیجییـــە لـــە بـــواری بیروبـــاوەڕ (ســـمرقندي، ١٣٨٣ هـــ: ١/ ٢٨٤)؛ (شـــيرازی، ١٣٧٧ هـــ: ٢/ ٦٧٢– ٦٧٣), نـاوەڕۆکی ئـەم کتێبە بیروڕاکانی ڕێبازی ئەشـعەری ڕووندەکاتـەوە، ئـەم ڕێبازەش بەشێکی گرنگی لـە زانسـتی کـەلام (علـم الكلام) پێکدێت, بیروڕا هزرییەکانی ئەشعەرییەکان تاوەکو سەردەمی ئێستاش کاریگەریی لەسەر بەشێک لە موسڵمانان هەیە (صبحي, ١٩٨٥: ٣٥٧– ٣٥٨)؛ (المحمود, ١٩٩٥: ٢/ ٦٨٩).

ئیجی ئەم کتێبەی بۆ سوڵتانی مەغۆلەکان أولیجایتو محمد خدابنده[٤] (٧٠٣– ٧١٦ ک/ ١٣٠٤– ١٣١٦ ز) نوسـیوە، دیـارە ئـەم سـوڵتانـە داوای لێکردووە شتێک لەسەر لایەنی بیروباوەڕ بنوسێت، لە ڕێگای وەزیرێکەوە بـۆ سـوڵتـانی نـاردووە، لـە لایـەکی تـر ئیجـی ئـەم بەرهەمـە نوسـینەی پێشکەشی یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی بە ناوی شیخ أبو إسحاق کـردووە، کـە فـەرمانڕەوای وڵاتـی فـارس و شـیراز بـووە (، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩)؛ (حاجي خليفة, ٢٠٠٨, ٢/ ١٨٩١– ١٨٩٢)، هەروەها مەبەستێکی تری ئیجی لـە دانـانی  ئـەم کتێبـە کورتکردنـەوە و ڕوونکردنـەوەی بیروبـاوەڕی ئەشعەرییەکان بووە، بۆ ئەوانەی داوایان لێکردووە و ئەوانـەی دەیانـەوێت لەم ڕێبازە تێبگەن (الإيجي, د. ت: ٥– ٦).

کتێبێکـی تـری بـەناوی (جـواهر الکـلام) بـوو، کتێبێکـی تـری ئیجـی لـە بـواری بیروبـاوەڕ بریتـی بـووە لـە کتێبـی (العقائد العضـدية), ئـەم کتێبـە کورتەیـەکی بـەسـوودە، بنـەماکانی بیروبـاوەڕی تیـادا کۆکراوەتـەوە، لـە ئەوانـەی پەیوەنـدی پێـی هەیـە لـە مەسـەلە گـەورەکان، دوانـزە ڕۆژ پـێش ئـەوەی بمرێـت ئـەم کتێبـەی تـەواوکردووە (طـاش کبـری زاده, ١٩٨٥: ٢/ ١٦١), کتێبێکی تری بە ناوی (بهجة التوحيد) هەبووە، ئەم کتێبەشی تایبەت بووە بە لایەنی بیروبـاوەڕی (البغدادي, ١٩٥١, ١/ ٥٢٧)؛ (سـرکيس, ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢).

٢– فیقهی ئیسلامی و بنچینەکانی:

یەکێک لە کتێبەکانی لە بـواری فیقهـی ئیسـلامی و بنچینـەکانی دایـناوە بە ناوی (شرح العضدي على مختصر كتاب منتهى السؤال و الأمل في علـم الأصـول لابـن حـاجب)، ئـەم کتێبـە تایبەتـە بـە بنچینـەکانی فیقهـی ئیسـلامی (سـمرقندي، ١٣٨٣ هـ: ١/ ٢٨٤ )؛ (شـيرازی، ١٣٧٧ هـ: ٢/ ٦٧٢– ٦٧٣)؛ (الأصبهاني, ١٣٩٢ هـ: ٥/ ٥١– ٥٢).

٣- زانستی قورئان و ڕاڤەکردنی:

لـە بـواری زانسـتەکانی قورئـانی پیـرۆزدا کتێبێکـی دانـاوە بـە نـاوی (تحقيق التفسـير في تكثيـر التنـوير)، ئـەم کتێبـە ڕاڤەیـەکی قورئـانی پیـرۆزە (البغدادي، ١٩٤٥: ١/ ٢٦٤)، لـە هەندێک لـە سـەرچاوەکان بـە نـاوی (تفسـير القـرآن العظـيم) هـاتووە (إبـن حجـر العسـقلاني، ١٩٩٣: ٢/ ٤٢٩)؛ (کحالـة، ١٩٩٣: ٥/ ١١٩).

٤- مێژوو:

زانـا ئیجی لـە بـواری مێـژوودا کتێبێکـی بـە ناوبـانگی هەیـە بـە نـاوی (أشرف التواريخ يان إشراق التواريخ يـان زبـدة التـاريخ فـي ترجمـة إشـراق التـواريخ)، تیایـدا پوختەیـەک لـە ڕووداوە مێژووییـەکان باسـدەکات لـە دروستبوونی خەلقبوون دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە سەرەتای سـەدەی شەشـەمی کـۆچی و سـەردەمی خـۆی (سـمرقندي، ١٣٨٣ هــ: ١/ ٢٨٣)؛ (فسـائي، ١٣٨٢ هــ: ١/ ٢٩٩)، بۆیـە دەتـوانین بڵێـین ئـەم کتێبـە بـە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ڕووداوەکانی سـەردەمی ئـەم زانایـە و دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی ڕەسـەن پشـتی پێ ببەسترێت و سـوودی لێوەربگیرێت.

٥- ڕەوانبێژی و ئەدەب و ڕەوشت:

لـە بـواری ڕەوانبێـژی کتێبێکـی هەیـە بـە نـاوی (الفوائـد الغياثيـة فـي المعاني و البيان)، ئەم کتێبە کورتکراوەی کتێبی (مفتـاح العلـوم)ی سـکاکییە (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ: ١/ ٢٨٣)؛ (فسـائي، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩)؛ (صـفا، ١٣٨٤: ٢/ ٧٢)، هـەروەها کتێبێکـی تـری هەیـە بەنـاوی (الرسـالة العضـدية فـي علـم الوضـع)، ئەم کتێبە لایەنی بنچینەیی گفتوگۆ و ئـەدەبی دەربڕین دەگرێتـەوە (البغدادي، ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)؛ (سرکیس، ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢)، ئەم کتێبە لـە سـێ

بەش پێکدێت ئەوانیش: زانستی ڕەوشت و زانستی بەڕێوەبردنی ماڵ و زانستی سیاسەت (طاش کبری زادە, ١٩٨٥: ١/ ٣٨٧).

لە بواری ئەدەب و ڕەوشت کتێبێکی هەیە بە ناوی (علم الآداب یان آداب عضدالدین), لەم کتێبەدا ڕێسا و یاسا و ئادابەکانی گفتوگۆکردن (آداب البحث و المناظرة) تیایدا کۆکراوەتەوە (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)؛ (سرکیس, ١٩١٩: ٢/ ١٣٣٢)؛ (صفا, ١٣٨٤: ٢/ ٦١) . هەروەها کتێبێکی تری بە ناوی (مختصر في علم الأخلاق یان أخلاق العضدیة) هەیە، ئەم کتێبە لە چوار وتاری ڕێکخراو پێکدێت (البغدادي, ١٩٥١: ١/ ٥٢٧)

**٣- وەزیفەکانی:**

عضدالدین الإیجي یەکێک بوو لە دادوەرە بەناوبانگەکانی شاری شیراز لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیلخانەکانی مەغۆل، ئەم وەزیفەیەشی لە سەردەمی سوڵتان أبو سعید بهادر خان[٥] (٧١٦ - ٧٣٦ ک/ ١٣١٦ - ١٣٣٥ ز) وەرگرتووە, کاتێک سوڵتان بانگهێشتی کۆشکی سەڵتەنەتی دەکات وەک دادوەری دادوەرەکانی هەموو هەرێمی فارس دەستنیشانی دەکات (الأسنوي, ١٩٨١, ٢/ ٢٣٨)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣).

پێدانی ئەم وەزیفە گەورەیە لە دەوڵەتی ئیلخانی لە لایەن سوڵتانەوە وەک پاداشتێک بووە بەرانبەر کارە گەورەکانی، بە تایبەت ناوبژیوانیکردن لە نێوان هەردوو خانەوادەی ئیلخانەکان (آل اینجو)[٦] و (آل مظفر)[٧]، ئەمەش دوای ئەوەی ناکۆکی لە نێوان شیخ أبو اسحاق میری خانەوادەی آل اینجو لەگەڵ مبارز محمود شاه شجاع میری خانەوادەی (آل مظفر) دروست دەبێت (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣)؛ (ستودە، ١٣٤٦ هـ: ٢/ ٢٨٥).

ئیجی لەگەڵ ئەوەی وەزیفەکەی دادوەری بوو لە هەمان کاتدا زانایەکی ئاینی گەورەی هەرێمی فارس بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە هەر

چوار مەزهەبە سەرەکییەکان (شافیعی, مالیکی, حەنەفی و حەنبەلی) لەگەڵ فیقهی جەعفەری هەبووە، ئەمەش یارمەتیداوە لە وەزیفەکەی سەرکەوتوو بێت، هەروەها ببێت بە فیقهزانێکی بەناوبانگ، بیرورِا و بۆچوونەکانی جێگای بەرزی خۆی هەبێت لە لای خەڵکی بە گشتی و شاری شیراز بە تایبەت، تەنانەت بە باشترین دادوەریان داناوە (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣)؛ (ج. ڤان إس، د.ت.: ٥/ ٢٧٨).

هەرچەندە ئیجی شارەزاییەکی چاکی لە هەر چوار مەزهەبەکە هەبووە، بەڵام زیاتر بە فیقهزانێکی شافیعی مەزهەب دانراوە، لەناو خەڵکدا بە (دادوەری شافیعی) ناسراو بووە، چونکە بیرورِاکانی و بۆچوونەکانی زیاتر هەڵقوڵاوی شافیعی مەزهەب و رِێبازی ئەشعەری بووە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی تەواوی لەم مەزهەبە هەبووە، هەرچەندە زۆربەی نوسینەکانی لە بواری فیقهی شافیعی بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا سوودی لە زانستی مەزهەبەکانی تریش وەرگرتووە، تەنانەت کەسێکی وەک (الشوكاني) بە دادوەرێکی بەناوبانگی مالیکی مەزهەبی داناوە (١٣٤٨ هـ ١/ ٣٢٧), هەروەها (إبن تغري بردي) ئاماژە بەوە دەکات کە بە (العضد الحنفي) ناسراو بووە (١٩٩٨: ١/ ٣٩٧).

**٤– مردنی:**

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆساڵی (٧٥٦ ک/ ١٣٥٨ ز) کردووە تیایدا ئەم زانایە کۆچی دوایی کردووە (السبكي, ١٩٩٢: ١٠/ ٤٦–٤٧)؛ (السخاوي، ١٩٩٢: ١/ ١٤٦)؛ (الزركلي, ٢٠٠٢: ٣/ ٢٩٥)، بەڵام (الأسنوي) و (إبن تغري بردي) هەردووکیان ئاماژەیان بۆ ساڵی (٧٥٣ ک/ ١٣٥٥ ز) کردووە، کە تیایدا کۆچی دوایی کردبێت (١٩٨١: ٢/ ٢٣٨)؛ (١٩٩٨: ١/ ٣٩٧).

سـەبارەت بـە هۆكـاری مردنەكەشـی لـە ئـەنجامی بـە دیـل گـرتن و بەندكردنیـەوە بـووە لـە لایـەن میـر مبارزالـدین محمـد[8] (٧١٣– ٧٦٠ ك/ ١٣١٣– ١٣٥٩ ز) فـەرمانڕەوای كرمـان[9] و دەوڵـەتی موزەفەرییـەكان[10]، پاش ئـەوەی هێـرش دەكاتـە سـەر هـەرێمی فـارس و شـاری شـیراز. ئـەم زانایە دەستگیر دەكات و لـە قـەڵای ئیگ (ایج) بەندی دەكات، مبارزالدین محمـد ئـەم زانایـەی گرتـووە بـە بیـانووی ئـەوەی پشـتگیری لـە شـێخ أبواسـحاق[11] كـردووە و دژی ئـەو وەسـتاوە، ئیجـی زۆر لـە بەندیخانـە نەمایـەوە و كـۆچی دوایـی كـرد (إبـن قاضـي شـهبة, ١٩٧٩: ٣/ ٣٤)؛ (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (نويهض, ١٩٨٨: ٢٦٢).

لەگـەڵ ئـەوەی هـەموو سـەرچاوەكان ئامـاژە بـە بەنـدكردنی ئیجـی دەكەن لـە لایـەن فـەرمانڕەوای كرمـان، بـەڵام نوسـەر و تـوێژەری ئێرانـی (عبـاس إقبـال) ئامـاژە بەوە دەكـات كە مبارزالـدین محمـد فـەرمانڕەوایی هێرشـی كـردووە بـۆ سـەر هـەرێمی فـارس، كاتێـك ئابلووقـەی شـاری شیرازی داوە زانا و دادوەر ئیجیی لە شارەكە دەرهێناوە، ئەو كاتە بەرەو وڵاتی شوانكارە دەچێت، بەڵام میری شوانكارە لەگەڵ ئیجی كۆك نابێت و بەندی دەكات لە قەڵایەك، كە لەو قەڵایە ماوەتەوە تاوەكو لە ساڵی (٧٥٦ ك/ ١٣٥٨ ز) كـۆچی دوایـی دەكـات (٢٠٠٠: ٥٠١), بـەڵام إقبـال ڕوونیناكاتـەوە هۆكـاری تێكچـوونی پەیوەنـدی ئیجـی لەگـەڵ ئـەم میـرەی شوانكارە چیبووە، ئاماژە بە هیچ شتێك ناكات، هەروەها تەنها ئەو ئەم شرۆڤەیەی كردووە و باس لەم ڕووداوە دەكات و بێ ئەوەی ئاماژە بە هـیچ سـەرچاوەیەك بكـات، بۆیـە نـاتوانین بـە هـەواڵێكی وردی دابنێین و پشتی پێ ببەستین، بۆیە دەڵێین ئەوەی زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەكان ئاماژەی بۆ دەكەن لە لایەن فەرمانڕەوای كرمان بەندكراوە.

## دووەم: ڕۆڵی ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیلخانییەكان:

١– پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان و میرەكان:

ئیجی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوە سیاسییەکان بەهێز و باش بووە, لەوانە أبو سعید بهادرخان دواهەمین سوڵتانی دەوڵەتی ئیلخانی لە فارس، بەهۆی ئەم پەیوەندییە زانا ئیجی دەبێت بە دادوەری دادوەران لە هەرێمی فارس و لە شاری شیراز دادەنیشێت (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ٢/ ١٣٧٣).

پاش ئەوەی ناوبانگی عضدالدین ئیجی دەگات بە سوڵتان محمد جونی[١٢] فەرمانڕەوای وڵاتی هیند نوێنەرێکی خۆی لەگەڵ دە هەزار دینار دەنێرێت بۆی، هەروەها بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ وڵاتەکەی (إبن بطوطة، ١٩٩٧: ٤٥٦)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات, ناوبانگی ئیجی تەنها لە ناوەوەی وڵاتی فارس نەبووە، بەڵکو گەیشتووەتە دەرەوەی وڵاتەکەش.

زانا و دادوەر ئیجی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی لەگەڵ شێخ أبو اسحاق اینجو فەرمانڕەوای شیراز هەبوو، بەڵکو لە زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەت شێخ پرس و ڕاوێژی بە ئیجی کردووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی و شارەزایی ئەم زانایە لە کاروباری دادوەری و ڕامیاری. لە لایەکی تر کەسایەتییەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەبووە، دەسەڵاتداران ڕێزی زۆریان گرتووە (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (إقبال, ٢٠٠٠: ٥٠١).

هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مبارزالدین محمد میری بنەماڵەی (آل مظفر) و فەرمانڕەوای کرمان لە سەرەتادا زۆر باش بووە، ئەمەش هانی شێخ أبو اسحاق دەدات تاوەکو داوای لێ بکات ناوبژیوانی نێوان ئەو و میر مبارزالدین بکات، چونکە ئەم میرە لە ساڵی (٧٥٤ ک/ ١٣٥٣ ز)دا پاش ئەوەی لە هێرشەکانی بەردەوامی لایەنگرانی شێخ أبو إسحاق بۆ سەر یزد و کرمان تووڕە دەبێت، بڕیاردەدات هێرش بکات بۆ سەر شیراز و دەست بەسەر هەموو هەرێمی فارس دابگرێت (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٢– ٣٠٣)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩).

ئیجی لەسـەر داوای شـێخ أبـو إسـحاق هـەوڵـی خـۆی دا بـۆ ئـەوەی نـاوبژیوانی بكـات لـە نێـوان ئـەم دوو میـرە و چارەسـەری ئـەم كێشـە ڕامیارییە بكات, بۆ ئـەم مەبەستە لـە شیراز بەڕێكەوت و بـەرەو كرمـان ڕۆیشت بـۆ خزمـەتی میر مبارزالـدین محمـد، لـە سـیرجان[١٣] پێیگەیشت، میریش بە گەرم و گوڕی و ڕێزێكی زۆرەوە پێشوازی لێكرد، پێنج هـەزار دینـاری وەک خـەرجی مانـەوە بە ئیجـی داوە و دە هـەزار دیناریشـی بـە هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٢ – ٣٠٣).

زانا ئیجی ئامانجی سەردانەكەی بۆ میر ڕوونكردەوە و داوای لێكرد هێرشەكانی بۆ سەر شیراز ڕابگرێت، پێی ڕاگەیاند: هـاتووە نـاوبژیوانی لـە نێوان ئـەو و شـێخ أبـو اسـحاق بكـات. بـەڵام میر بـە داواكارییـەكی ڕازی نەبوو، بە ئیجی وت: ((متمانەم بەم كەسە مەبەستی شێخ أبـو إسـحاق بـوو – نەماوە، چونكە تاوەكو ئێستا حەوت جار پەیمانی شكاندووە)) (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩)، هەروەک دیارە میر ئەم بارودۆخە بە دەرفەت دەزانێت تـاوەكو هــەموو هــەرێمی فــارس بخاتــە ســەر كرمــان و ســنووری دەسەڵاتەكەی فراوان بكات.

بەم شێوەیە عضدالدین ئیجی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەكەی و بێ ئـەوەی ئامانجەكـەی بێتـە دی و سـەردانەكەی بەرهـەمی هـەبێت، وەڵامـی میـر مبارزالـدین محمـد لـە چاوپێكەوتنەكـەی لەگەڵیـدا دەگەیـەنێت بـە شـێخ أبـو إسحاق (ج. ڤان إس، د. ت: ٥/ ٢٧٨).

لە ساڵی (٧٥٦ ک/ ١٣٥٥ ز)دا بە تەواوی پەیوەندی لـە نێوان ئیجی و میر مبارزالدین محمد تێكدەچێت، كاتێک میر ڕایگەیاند ئیجی پاڵپشتی لـە شــێخ أبــو إســحاق دەكــات، دژی مــن و هــەوڵــەكانم دەوەســتێتەوە لــە دەستبەسـەرداگرتنی شـیراز و هـەموو هـەرێمی فـارس، دەرهێنـانی لـەژێر دەسەڵاتی شیخ أبو إسحاق، لەبەر ئەوە كاتێک میری كرمـان دەستیبەسـەر شـیراز داگـرت هـەڵسـا بـە لادانـی ئیجی لـە وەزیفـەی دادوەری دادوەران،

پاشان دەستگیری کرد و لە قەڵای ئیگ بەندی کرد (سمرقندي، ١٣٨٣ هـ ١/ ٣٠٣)؛ (فەسائی، ١٣٨٢ هـ: ١/ ٢٩٩).

ئەم ڕووداوە ڕامیارییانە کاریگەریی لەسەر پەیوەندی نێوان زانا ئیجی و میر مبارزالدین محمد دروستکرد ، لە دۆستایەتی و برادەرایەتی بوو بە دوژمنایەتی، چونکە میر تاوانباری کرد لایەنگیری شێخ أبو اسحاق دەکات، سەرئەنجام سزای دا و بەندی کرد تاوەکو مرد.

٢ – تێڕوانین و بۆچوونەکانی دەربارەی چەمکە ڕامیارییەکان:

زانا و دادوەر ئیجی لە کتێبی (المواقف)دا بەشێکی سەربەخۆی تەرخانکردووە بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمکی پێشەوایەتی (الامامة)، تیایدا باس لە پێویستبوونی دانانی پێشەوا دەکات بۆ موسڵمانان، ئینجا ناساندنێکی کردووە بۆ ئەم چەمکە و ئاماژە بە مانای سەرکردایەتیکردنی گشتی دەکات لە کاروباری ئاینی و دونیایی، واتا جێنشینایەتیکردنی پێغەمبەر لە کاروباری ئاینی، لەم حاڵەتەدا دەبێت هەموو ئومەت گوێڕایەڵی بکەن و دوای بکەون (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

سەبارەت بە مەسەلەی پێشەوایەتی سەرنج و تێبینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم چەمکە لە لای شیعەکان بە (الامام) ناسراوە، لە لای سوننەکان هەندێک جار ئەم دەستەواژەیەش بەکاردێت، بەڵام زیاتر (خەلیفە) بەکاردێت، لێرەدا ئیجی بوونی پێشەوا بۆ موسڵمانان بە پێویست و گرنگ دەزانێت، هەروەها دەربارەی گوێڕایەڵیکردنی پێشەوا بە گرنگییەوە باسی کردووە، پاش وەرگرتنی بیروڕا و بۆچوونی زۆربەی لایەنە جیاوازەکانی ناو موسڵمانان، هەروەک دەڵێت: دانانی پێشەوا لە لای ئێمە (مەبەستی ئەشعەرییەکان) واجبە لەسەرمان پابەندی بین بە گوێلێبوون، بەڵام لە لای موعتەزیلە و زەیدییەکان واجبە لە ڕووی عەقل، ئینجا ئاماژە بە ڕای (الجاحظ) دەکات کاتێک وتوویەتی واجبە بە گوێلێبوون و عەقل، ئیمامییەکان و ئیسماعیلییەکان دەڵێن بەڵکو لەسەر

خوای گەورەیە، ئیمامییەکان واجبیان کردووە بۆ پاراستنی یاساکانی شەرع، ئیسماعیلییەکان واجبیان کردووە بۆ ناساندنی خوای گەورە، پاشان سەرنج و ڕای خەوارجەکانی هێناوەتەوە (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

ئیجی پاش ئاماژەکردن بە بیروڕای هەموو ئەو لایەنە جیاوازانە لەناو موسڵمانان ئینجا دێت کۆمەڵێک بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنی دەبێت موسڵمانان پێشەوا (واتا خەلیفە) یان هەبێت، نموونە بە کاتی وەفاتی پێغەمبەر (درووودی خوای گەورەی لەسەر بێت) دەهێنێتەوە، کاتێک خەلیفە ئەبوبەکر پەلەی کرد لە کۆکردنەوەی موسڵمانان بۆ دانانی جێنشینێکی پێغەمبەر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاینی و دونیایی، هەروەها چەندان نموونەی تری باس کردووە (الإيجي, د.ت.: ٣٩٥).

هەروەها هاتووە ئاماژەیکردووە بە مەرجی شیعەکان بۆ کەسێک بیەوێت وەک پێشەوا دەستنیشان بکرێت، ئەوانیش:

١ – دەبێت قوڕەیشی بێت، ئەوانەی ئەم بابەتە بە مەرج دادەنێن بەڵگە بۆ بەهێزکردنی ڕایەکەی خۆیان دێنێتەوە بە وتەیەکی پێغەمبەر کە فەرموویەتی: ((الأئمة من قريش))، بەڵام ئەمەیان لە لایەن خەوارج و بەشێک لە موعتوزیلەکان ڕەتکراوەتەوە بە بەڵگەی وتەیەکی پێغەمبەر کاتێک دەفەرموێت: ((السمع و الطاعة ولو عبدا حبشيا)).

٢ – دەبێت هاشمی بێت، ئەمەیان لە لای شیعەکان مەرجە.

٣ – دەبێت زانا بێت بە هەموو مەسەلەکانی ئاین، ئەمەیان لە لای ئیمامییەکان مەرجە.

٤ – دەرکـەوتنی مـوعجیزە لەسـەر دەسـتی، ئەمـەیان لـە لای بەشێک لە موسڵمانان ڕەتکراوەتەوە.

٥ – دەبێـت پـارێزراو (معصـوم) بێـت، ئەمـەش ئیمامییـەکان و ئیسماعیلییەکان لە شیعەکان بە مەرجیان داناوە (الإیجي, د.ت.: ٣٩٨).

پاش دیارکردنی مەرجـەکان هـاتووە هـەموو خـاڵ و مەرجـەکانی ڕوونکردۆتـەوە و گفتوگۆی لەسـەر کـردوون، بـەراوردێکی لـە نێـوان بیروڕای سوننەکان و بە تایبەت ئەشعەرییەکان لەسەر ئەم بابەتـە و بیـروڕای شـیعەکان کـردووە، بـە تایبـەت لەسـەر دوو خـاڵی نـاکۆک ڕوونکردنــەوەی زۆری داوە. یــەکێکیان, مەســەڵەی جێگیربــوونی پێشـەوایە و شـەرعیەت وەرگرتنە. شیعەکان ڕەتیدەکەنەوە پێشـەوا بـە بەیعەت وەرگرتن شـەرعیەت وەربگرێت، بۆیـە پێشـەوایەتی ئەبوبـەکر ڕەتدەکەنەوە، بەڵام لە لای سوننەوە بەیعەت مەسەلەیەکی گرنگـە، بـە تایبەت  هەیە ناسراوە بە (أهل الحل و العقد)، ئەوان سـەرەتا پێشـەوا دیاریدەکـەن و دوایـی لـە لایـەن موسـڵمانان بەیعـەتی گشـتی پـێ دەدرێـت، بــەم شــێوەیە پێشــەوایەتی جێگیــر دەبێــت و شــەرعیەت وەردەگرێـت، بــەڵام لــە لای شــیعەکان ئــەم مەرجانــەی ســەرەوە پێویسـتە، دەبێت ڕێکـەوتنی ئیمامـەکانی لەسـەر بێـت (الإیجـي, د.ت: ٤٠٠).

مەسـەلەی دووەم, لـە نێـوان سـوننەکان و شـیعەکان بابـەتی پارێزراوی (معصوم) پێشەوایە، لە لای سوننەوە پێشـەوا پارێزراوی خودایی (عیصمەت) نییە، تەنها پێغەمبەران پارێزراون لە لایەن خوای گەورەوە، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکان گوناهـ و هەڵە دەکەن، هـەروەک پێغەمبـەر فەرموویـەتی: ((هـەموو ئادەمییـەک هـەڵـەکارە (یـان هـەڵـە

دەکات)، باشترین هەڵەکارانیش ئەوانەن زوو پەشیمان دەبنەوە))، بەڵام لە لای شیعەکان پێشەوا پارێزراوی خودایی هەیە، ئەوان کەسانێکی هەڵبژاردراوی خوای گەورەن نابێت هەڵە بکەن، بۆیە دەبێت هەموو کەس گوێڕایەڵییان بکات لە هەموو بارودۆخێکدا و نابێت دەرچوونیان هەبێت (الإيجي, د.ت: ٣٩٩).

لە لایەکی تر بەشێک لە بیروڕا و بۆچوونەکانی شیعەکان ڕەتدەکات دەربارەی هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکان، لەوانە مەسەڵەی پێشەوایەتیبوونی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کاتێک شیعەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن پێغەمبەر لە وتاری حەجی مالئاوایی[١٤] ئاماژەی کردووە لە دوای خۆی عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەبێت بە پێشەوا و جێنشینی، وتەیەکی پێغەمبەر بە نموونە دەهێننەوە کاتێک فەرموویەتی: ((من كنت مولاه فهذا علي مولاه))، شیعەکان دەڵێن ئەم وتەیە دەقێکی ڕوونە لەسەر دەستنیشان کردنی عەلی بە پێشەوای موسڵمانان (الإيجي, د.ت: ٤٠٥).

بەڵام سوننەکان لێکدانەوەیان بۆ ئەم وتەیە لەگەڵ شیعەکان جیاوازە، ئەوان پێیانوایە پێغەمبەر مەبەستی ڕوونکردنەوەی چاکەکان (فضائل)ی پێشەوا عەلی بووە بۆ ئەوانەی قەدریان نەزانیوە، بەتایبەت دووڕووەکان کاتێک ڕقیان لەم پێشەوایە هەبوو، لەم وتەیە مەبەستی پێشەوایەتی بوون نەبووە، بەڵکو ئەوان دەستنیشان کردنی ئەبوبەکر بە خەلیفە بە چەند پێوەرێک دیاردەکەن، لەوانە بەردەوام ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەکرد کاتێک پێغەمبەر سەفەری بکردایە، یاخود لە کاتی نەخۆشبوونی، هەروەها کەسێکی بە تەمەن بوو، هاوڕێی کۆچکردنی پێغەمبەر بوو، چەندان پێوەری تر. موسڵمانەکان لەکاتی دەستنیشانکردنی بە گونجاوتریان زانی (الإيجي, د.ت: ٤٠٥– ٤٠٦).

شیعەکان ئەم بابەتەیان لە سەرچاوەکانی خۆیان بە ڕووداوی غەدیر[١٥] ناساندووە، بەڵام زانا ئیجی هاتووە بە بەڵگە ئەم بۆچوونەی

ئـەوانی ڕەتکردۆتـەوە و دەڵێت: عـەلی لـە وتـاری ڕۆژی غـەدیر بـە هـیچ شێوەیەک لە لایەن پێغەمبەرەوە ناوی نەهاتووە لـە دوای خـۆی دەبێت بـە پێشـەوا و خەلیفـە، هـەروەها بـۆ گوێڕایـەڵیکردنـی ئەبوبـەکر و عومـەر وتەیەکی پێغەمبەر دێنێتەوە کاتێک فەرموویەتی: ((اقتدوا بالذين من بعدي أبي بكر و عمر)), واتا گوێڕایەڵی ئەبوبەکر و عومـەر بکـەن لـە دوای خـۆم (الإيجي, د.ت: ٤٠٦- ٤٠٧).

لە کۆتاییدا ئیجی ناوی ژمارەیـەک لـە گرووپـەکانی موسڵمانان دێنێت بە پێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کاتێک فەرموویـەتی: موسـڵمانەکان لـە دوای من دەبن بـە حـەفتا و سێ گرووپ هـەموویان بۆ نـاو ئاگرن تـەنها یەکێکیان نەبێت، ئەوانیش پێیان دەڵێن گرووپی ڕزگاربوو (الفرقه الناجيه)، گرووپی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ باسـکردنی موعتەزیلـەکان، ئـەوانیش بیست گرووپن، ئینجا گرووپی شیعەکان، بیست و دوو گرووپن، سێیەم گرووپـەکانی خـەوارج، حـەوت گـرووپن، مورجئـەکان پێـنج گـرووپن، نجارییـەکان سێ گرووپن، جبرییەکان، ئینجا المشبهه، لـە کۆتاییدا باسـی گرووپـی ڕزگـاربوو (الناجيـه) دەکـات، بـە بۆچـوونی ئیجـی گرووپـی ڕزگـاربوو بریتییـە لـە ئەشـعەرییەکان و ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەت (الإيجي, د.ت: ٤١٥- ٤٣٠).

**دەرئەنجام:**

پاش ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر عضدالدین ئیجی زانا و دادوەری بەناوبانگی هەرێمی فارس لە سەردەمی ئیلخانە مەغۆلەکان ئەم چەند خاڵەی خوارەوەمان بۆ ڕوون بووەوە:

١- زانا و دادوەر (عضدالدین ئیجی) بە ڕەچەڵەک کوردە و خەڵکی شاری ئیگ یان ئیج بووە، ناوەندێکی کوردنشینی هەرێمی فارس بووە, بە درێژایی مێژوو لەم شارە و هەرێمەکەدا بەشێکی زۆر لە کوردی تێدا نیشتەجێ بوونە.

٢- ئەم زانایە پاش هەوڵ و ماندووبوون و گەڕانێکی زۆر بۆ خوێندن لەسەر دەستی ژمارەیەک زانای ئەو سەردەم توانی بگات بە ئاواتەکەی خۆی، ئەویش دەرکەوتن و ناودارێتییە لە بواری زانست و خزمەتکردندا.

٣- ئیجی لە زۆر بواردا بەرهەمێکی زۆری نوسینی هەیە وەک: زانستەکانی قورئانی پیرۆز و فیقهی ئیسلامی و بنچینەکانی و زمان و ئەدەب و ڕەوانبێژی و فەلسەفە و مێژوو.

٤- زانا و فیقهزان و زمانزانێکی بەناوبانگی سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەمی زاینی بووە, بە یەکێک لە زاناکانی شافیعی مەزهەب و ئەشعەری ڕێباز دادەنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا شارەزا بووە لە مەزهەبە فیقهییەکانی تر، لەبەر ئەوە لە لایەن زۆربەی خەڵکی فارس و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕێزی گەورەی هەبووە.

٥- دادوەرێکی بەناوبانگی وڵاتی فارس بووە لە سەردەمی ئیلخانەکانی مەغۆل، بەهۆی نزیکی لە سوڵتان و پیاوانی ڕامیاری و

بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە کارەکەی خۆیدا وایکردووە ڕۆڵێکی گەورە ببینی لە بواری دادوەری.

٦- ئیجی تەنها زانا و دادوەرێکی بەناوبانگ نەبووە, بەڵکو لە بواری ڕامیاریشدا بۆچوون و سەرنج و تێبینی تایبەت بە خۆی هەبووە، کۆمەڵێک بیروڕا و هزری ڕامیاری دەربارە دەسەڵات و فیقهی سیاسی و چەند ڕووداوێکی سەردەمی خۆی لە نوسینەکانیدا ڕووندەکاتەوە.

**پەراوێز:**

(١) ئیلخان (ايلخان): لە دوو بەش پێکدێت، (ايل) واتا: هۆز یان عەشیرەت، (خان) واتا: گەورە یان سەرکردە، ناوی ایلخان بە مانای: گەورەی هۆز یان سەرکردەی عەشیرەت دێت (سليمان، ١٩٦٩: ٤٨٠)؛ (الصياد, ١٩٨٧: ٢٨)؛ (كدرو، ٢٠٠٩: ٨٥).

(٢) ئیلخانەکانی مەغۆل: بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای مەغۆلەکان بوون، لە نێوان ساڵانی (٦٥٤ - ٧٥٤ ک/ ١٢٥٦ - ١٣٥٣ ز) فەرمانڕەوایەتییەکەیان درێژ بۆتەوە, لە لایەن هۆلاکۆ خان دامەزراوە، پاش ئەوەی بوو بە جێگری خانی گەورە، دەسەڵاتی بەسەر وڵاتەکانی عێراق و فارس و قەوقاز و ئەنادۆل ڕۆیشت، ئەم سەرکردەیە نازناوی ئیلخانی وەرگرتووە (بوزورث, ١٩٩٥، ٢١٠)؛ (الخالدي, ١٩٨٤: ١٧٥ - ١٧٦).

(٣) شیراز: یەکێک بووە لە شارە گەورە و بەناوبەنگەکان و ناوەندی هەرێمی فارس، دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم هەرێمە، ئاوەدانی گەورە و کۆشک و دامودەزگاکانی دەوڵەتە جیاجیاکانی تیایدا بووە. (إبن البلخی، ١٣٨٥ هـ: ١٢٢ - ١٢٣)؛ (الإدريسي، ١٩٨٩: ١/ ٤٠٥).

(٤) أوليجايتو محمد خدابنده: ئەم سوڵتانە کوڕی سوڵتان أرغون خان بوو، لە نێوان ساڵانی (٧٠٣ - ٧١٦ ک/ ١٣٠٤ - ١٣١٦ ز) سوڵتانی ئیلخانەکانی مەغۆل بوو (فهمي، ١٩٨١: ٢١٤)؛ ( کدرو، ٢٠٠٩: ١٦٢)، نازناوی (غیاث الدین) وەرگرتووە، بۆیە لە هەندێک لە سەرچاوەکان بە ناوی (غیاث الدین محمد) ناوی هاتووە (الخالدي, ١٩٨٤: ٢٣٤).

(٥) أبو سعید بهادر خان: أبوسعید بهادر خان کوڕی أولجایتو کوڕی أرغون، دواهەمین دەسەڵاتداری ئیلخانەکانی مەغۆل بوو، لە نێوان ساڵانی (٧١٦ - ٧٣٦ ک/ ١٣١٦ - ١٣٣٥ ز) بووە سوڵتانی ئیلخانەکانی مەغۆل (خواندمیر، ١٣٣٣ هـ ش.: ٣/ ١٩٨)؛ (شبولر، ١٩٨٢: ٧٨).

(٦) أسرة آل إینجو: خانەوادەیەکی (بنەماڵەیەکی) ئیلخانەکان بوون, ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ میر شرف الدین محمود شاه, هەرچەندە پێش مردنی أبو سعید حوکمی فارس و دەوروبەریان دەکرد, بەڵام سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لە ساڵی (٧٤٢ ک/ ١٣٤٢ ز), واتا کاتێک شێخ أبو إسحق مەلیک أشرف الچوپاني دەرکرد لە شارەکە و سەربەخۆیی خۆی وەرگرت, لە ساڵی (٧٥٨ ک/ ١٣٥٨ ز)دا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەم خانەوادە هات پاش کوژرانی شێخ أبو إسحق (إقبال، ٢٠٠٠: ٣٦١).

(٧) أسرة آل مظفر: خانەوادەیەکی (بنەماڵەیەکی) ئیلخانەکان بوون, ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ میر (مظفرالدین), لە پاش کوژرانی أبو سعید سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لە (یزد) و (کرمان)، لە سەردەمی یەکێک لە میرەکانیان بە ناوی مبارزالدین محمد کوڕی میر مظفرالدین لە ساڵی (٧٤٠ ک/ ١٣٤٠ ز) دەستیان بەسەر هەرێمی فارس داگرت و سنووری میرنشینەکەیان فراوان کرد، دەسەڵاتەکەیان تاوەکو ساڵی (٧٩٥ ک/ ١٣٩٥ ز) بەردەوام بوو (إقبال, ٢٠٠٠: ٣٦١).

(٨) مبارزالدین محمد: یەکێک بووە لە دەسەلاتدارە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی موزەفەرییەکان، لە نێوان ساڵانی (٧١٨ - ٧٦٥ ک/ ١٣١٨ - ١٣٦٥ ز) فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتی موزەفەرییەکانی کردووە، ماوەی چل ساڵ

فەرمانڕەوایەتی یزد و کرمان و فارس کردووە، لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی مردووە (إقبال، ٢٠٠٠: ٤٠٧ – ٤١٧)؛ (شبولر، ١٩٨٢: ٨١).

(٩) کرمان: یەکێک بوو لە هەرێمە گەورەکانی وڵاتی ئێران، ژمارەیەک شار و شارۆچکە و گوندی دەگرتەوە، مەڵبەندی ئەم هەرێمە شاری کرمان بوو، دەکەوێتە نێوان فارس و مکران و سجستان و خراسان (إبن حوقل, ١٩٩٢: ٢٦٦)؛ (یاقوت الحموي, ٢٠١٠: ٤/ ٤٥٤).

(١٠) دەوڵـــەتی موزەفەرییـــەکان (٧١٣ - ٧٩٥ ک/ ١٣١٤ – ١٣٩٣): ئـــەم دەوڵەتە لە لایەن بنەماڵە و خانەوادەی موزەفەرییەکان (آل المظفر) دامەزراوە، یەکێک بووە لە دەوڵەتەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئیلخانەکانی مەغۆل، سنووری ئەم دەوڵەتە کرمان و بەشێکی هەرێمی فارسی دەگرتەوە (إقبال, ٢٠٠٠: ٣٦١)؛ (زامباور، ١٩٨٠، ٣٧٩).

(١١) شیخ أبواسحاق: ناوی شێخ أبو إسحاق إینجو بوو، برای هەریەک لە (مسعود شاه) و (سلطان شاه) بوو, لە ساڵی (٧٤٢ ک/ ١٣٤٢ ز) میر پیر حسین فەرمانڕەوایەتیی ئەسفەهانی پێدا، داوای لە مەلیک ئەشرەف کرد هاوکاری بکات تاوەکو هەرێمی فارس لەژێر دەسەڵاتی پیر حسین دەربێنێت، لەم کاتەدا بوو مەلیک ئەشرەف دەستی بەسەر شیراز داگرت، لە دواییدا شێخ أبو اسحاق توانی شاری شیراز لەژێر دەستی پیر حسین دەربکات, لە شوێنی ئەودا خۆی ببێت بە فەرمانڕەوای شارەکە (إقبال، ٢٠٠٠: ٤٠٥).

(١٢) محمد جونی: ناوی تەواوی أبو المجاهد محمد شاه کوڕی غیاث الدین تغلق شاه, پاشای وڵاتی هیند و سیند بوو, بە (جونە)ش ناسراو بووە, پاش بوونی بە سوڵتان لە دوای مردنی باوکی ناوی موحەممەدی وەرگرت، هەروەها (أبو المجاهد)یشی پێ وتراوە (إبن بطوطة, ١٩٩٧: ٤٤١).

(١٣) سیرجان: شارێکی گەورەی هەرێمی کرمان بوو، دەکەوێتە نێوان هەردوو هەرێمی کرمان و فارس (إبن الفقیە الهمداني, ١٩٩٦: ٤١٤)؛ (یاقوت الحموي, ٢٠١٠: ٣/ ٢٩٥).

(١٤) وتـاری حـەجی مالئـاوایی: لـە ڕۆژی (١٨) ی مـانگی (ذي الحجـة) ی ساڵی (١٠ کۆچی) پێغەمبـەر موحەممـەد (دروودی خوای لەسـەر بێت) وتـارێکی پێشکەش کرد، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا  بە وتاری حەجی مالئاوایی ناسـراوە، چونکە لە دوای ئەم وتارە پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد (إبن كثير, ١٩٨٨, ٥/ ١٠٩ – ١١٠).

(١٥) ڕووداوی غـەدیر (الغـدير): ئـەم ڕووداوە لـە سـەرچـاوەی شـیعەکان ناونراوە بە ڕووداوی غەدیر، لەبەر ئەوەی لە شـوێنێک ڕوویـداوە نـاوی (الغدير خم) بوو، ئەم شـوێنە دەکەوێتـە نێوان هـەردوو شـاری مەککە و مەدینـە (یـاقوت الحموي, ٢٠١٠: ٤/ ١٨٨).

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان:

- الإدريسي: أبو عبدالله محمد بن عبدالله (ت ٥٤٦ هـ/ ١١٥٥ م)
- ـ – نزهة المشتاق في اختراق الآفاق, (١٩٨٩), عالم الكتب, بيروت, الطبعة الأولى.
- الأسنوي: جمال الدين أبو محمد عبد الرحيم بن الحسن بن علي (٧٧٢ هـ/ ١٣٧٠ م)
- ـ – طبقات الشافعية، (١٩٨١), دار العلوم للطباعة, الرياض, الطبعة الأولى.
- الأصطخري: أبو اسحاق ابراهيم بن محمد (ت بعد ٣٤٠ هـ/ ٩٠١ م)
- ـ – مسالک الممالک, (١٩٢٧), مطبعة بريل, ليدن.
- الإيجي: عضدالدين عبدالرحمن بن أحمد (ت ٧٥٦ هـ/ ١٣٥٥ م)
- ـ – المواقف في علم الكلام, (د.ت), عالم الكتب, بيروت.
- إبن بطوطة: محمد بن عبد الله بن محمد اللواتي الطنجي (ت ٧٧٩ هـ/ ١٣٧٧ م)
- ـ – الرحلة, (١٩٩٧)، دارالنفائس، بيروت، الطبعة الأولى.
- إبن البلخي: أبو زيد أحمد بن سهيل (ت ٥٠٠ هـ/ ١١٠٦ م)
- ـ – فارسنامه، (١٣٨٥ هـ)، مطبعة ديبا، طهران، الطبعة الأولى.

- إبن تغري بردي: جمال الدين أبي المحاسن يوسف (٨٧٤ هـ/ ١٤٧٠ م)
- ـ - الدليل الشافي على المنهل الصافي, (١٩٩٨), تحقيق: فهيم محمد شلتوت, مطبعة دار الكتب المصرية, القاهرة, الطبعة الثانية.
- حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله (١٠٦٨ هـ/ ١٦٥٧ م)
- ـ - كشف الظنون عن أسامي الكتب و الفنون, (٢٠٠٨), دار إحياء التراث العربي, بيروت.
- إبن حجر العسقلاني: شهاب الدين أحمد بن علي بن محمد (ت ٨٥٢ هـ/ ١٤٤٩ م)
- ـ - الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة, (١٩٩٣), دار الجيل، بيروت.
- إبن حوقل: أبو القاسم محمد بن علي النصيبي (ت ٣٦٧ هـ/ ٩٧٧ م)
- ـ - صورة الأرض, ١٩٩٢, دار و مكتبة الحياة للطباعة و النشر, بيروت.
- خواندمير: غياث الدين محمد بن همام الدين الحسيني (ت ٩٤٢ هـ/ ١٥٣٥ م)
- ـ - حبيب السير في أخبار أفراد البشر, (١٣٣٣ هـ ش.), انتشارات كتابخانه خيام خيابان ناصر خسرو.
- السبكي: تاج الدين أبو نصر عبدالوهاب بن تقي الدين علي (٧٧١ هـ/ ١٣٧٠ م)

- ـ - طبقات الشافعية الكبرى, (١٩٩٢), تحقيق: محمود محمد الطناحى و عبدالفتاح محمد الحلو, دار هجر للطباعة و النشر، القاهرة, الطبعة الثانية.

- السخاوي: شمس الدين أبو الخير محمد كوڕی عبدالرحمن كوڕی محمد (ت ٩٠٢ هـ/ ١٤٩٩ م)

- ـ - الذيل التام على دول الإسلام للذهبي, (١٩٩٢), تحقيق: حسن اسماعيل مروة, مكتبة دار العروبة - الكويت/ دار ابن العماد - بيروت, الطبعة الأولى.

- سمرقندى: كمال الدين عبدالرزاق (ت ٨٨٧ هـ/ ١٤٨٢ م)

- ـ - مطلع سعدين و مجمع بحرين، (١٣٨٣ هـ)، چاپخانه فرشيوه، تهران.

- السيوطي: جلال الدين عبدالرحمن (ت ٩١١ هـ/ ١٥٠٥ م)

- ـ - بغية الوعاة في طبقات اللغويين و النحاة, (١٩٦٥)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم, مطبعة عيسى البابى الحلبى و شركاه، القاهرة, الطبعة الاولى.

- الشوكاني: محمد بن علي بن محمد (١٢٥٠ هـ/ ١٨٣٤ م)

- ـ - البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع, (١٣٤٨ هـ), مطبعة السعادة, القاهرة, الطبعة الأولى.

- شيرازى: محمد نصير ميرزا اقا فرصت حسينى (ت ١٢٤٠ هـ/ ١٨٢٤ م)

- ـ - آثار عجم، (١٣٧٧ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران.

- إبن العماد: شهاب الدين أبو الفلاح عبدالحي بن أحمد بن محمد (ت ١٠٨٩ هـ/ ١٦٧٩ م)

- ـ - شذرات الذهب في أخبار من ذهب, (١٩٩٢), تحقيق: محمود الأرناؤوط و عبدالقادر الأرناؤوط, دار إبن كثير, دمشق - بيروت, الطبعة الأولى.

- فسائى: حاج ميرزا حسن حسينى (ت ١٢٣٧ هـ/ ١٨٣٤ م)

- ـ - فارسنامه ناصرى، (١٣٨٢ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران، چاپ دووەم.

- إبن الفقيه الهمداني: أبو عبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق (ت ٣٤٠ هـ/ ٩٥١ م)

- ـ - كتاب البلدان، ١٩٩٦, تحقيق: يوسف الهادي, عالم الكتب, بيروت, الطبعة الأولى.

- إبن الفوطي: كمال الدين أبو الفضل عبدالرزاق بن أحمد (٧٢٣ هـ/ ١٣٢٣ م)

- ـ - مجمع الآداب في معجم الألقاب، (١٤١٥ هـ), تحقيق: محمد الكاظم, مؤسسة الطباعة و النشر، تهران.

- إبن قاضي شهبة: تقي الدين أبوبكر بن أحمد بن محمد بن عمر بن محمد (٨٥١ هـ/ ١٤٤٨ م)

- ـ - طبقات الشافعية, (١٩٧٩), مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية, حيدر آباد - الهند.

- القزويني: حمدالله مستوفى بن أبي بكر بن أحمد بن نصر (ت ٧٥٠ هـ/ ١٣٤٩ م)
- ـ - تاريخ گزيده، (١٣٨١ هـ)، چاپخانه سپهر، تهران، چاپ چوارەم.
- إبن كثير: عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر (٧٧٤ هـ/ ١٣٧٤ م)
- ـ - البداية و النهاية, (١٩٨٨), مكتبة المعارف, بيروت, الطبعة السادسة.
- المقدسي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد (ت ٣٧٥ هـ/ ٩٨٥ م)
- ـ - أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم, (١٩٨٧)، دار إحياء التراث العربي, بيروت.
- المقريزي: تقي الدين أبوالعباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت ٨٤٥ هـ/ ١٤٤٢ م)
- ـ - السلوك لمعرفة دول الملوك, (١٩٩٧), تحقيق: محمد عبدالقادر عطا, دار الكتب العلمية, بيروت, الطبعة الأولى.
- ياقوت الحموي: شهاب الدين أبو عبدالله بن عبدالله (ت ٦٢٦ هـ/ ١٢٢٩ م)
- ـ - معجم البلدان, (٢٠١٠), دار صادر, بيروت, الطبعة الثامنة.

**دووەم: سەرچاوە لاوەكییەكان:**

- الأصبهاني: ميرزا محمد باقر الموسوی الخوانساری
- ـ - ڕوضات الجنات في أحوال العلماء و السادات, (١٣٩٢ هـ), تحقيق: امدالله اسماعيليان, چاپخانه مهر استوار - قم/ ایران.

- إقبال: عباس

- ـ - تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية, (٢٠٠٠), ترجمة: عبدالوهاب علوب, المجمع الثقافي, أبوظبي/ الامارات العربية المتحدة.

- البغدادي: إسماعيل باشا بن محمدامين

- ـ - ايضاح المكنون في الذيل على كشف الظنون عن أسامي الكتب و الفنون, (١٩٤٥)، دار إحياء التراث العربي, بيروت.

- ـ - هدية العارفين أسماء المؤلفين و اثار المصنفين, (١٩٥١), وكالة المعارف الجليلة, استانبول.

- بوزورث: كليفورد إدموند

- ـ - الأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي - دراسة في التأريخ و الأنساب، (١٩٩٥)، ترجمة: حسين علي اللبودي, مؤسسة الشراع العربي, الكويت

- ج. ڤان إس:

- ـ - دائرة المعارف الاسلامية، د. ت، ترجمة: محمد ثابت الفندى و أحمدالشنتناوى و ابراهيم زكى خورشيد وعبدالحميد يونس، مطبعة انتشارات جهان، طهران.

- الخالدي: إسماعيل عبدالعزيز

- ـ - العالم الإسلامي و الغزو المغولي, (١٩٨٤), مكتبة الفلاح, الكويت, الطبعة الأولى.

- زامباور: إدوارد فون
- ـ - معجم الأنساب و الأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي, (١٩٨٠), ترجمة زكي محمد حسن و حسن أحمد محمود, دار الرائد العربي, بيروت.
- الزركلي: خيرالدين
- ـ - الأعلام, (٢٠٠٢), دار العلم للملايين, بيروت, الطبعة الخامسة عشرة.
- ستوده: حسينقلى
- ـ - تاريخ آل مظفر، (١٣٤٦ هـ)، چاپخانه دانشگاه تهران، تهران.
- سركيس: يوسف اليان
- ٣٨ – معجم المطبوعات العربية و المعربة, (١٩١٩), مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة.
- سليمان: أحمد السعيد
- ـ - تاريخ الدول الإسلامية و معجم الأسرات الحاكمة, (١٩٦٩), دار المعارف, مصر.
- شبولر: برتولد
- ـ - العالم الإسلامي في العصر المغولي, (١٩٨٢), ترجمة: خالد أسعد عيسى, دار إحسان, دمشق.
- صبحي: أحمد محمود

- ـ - في علم الكلام (الأشاعرة), (١٩٨٥), دار النهضة العربية, بيروت, الطبعة الخامسة.
- صفا: ذبيح الله
- ـ - تاريخ ادبيات ايران, (١٣٨٤ هـ)، چاپخانه ڕامين، تهران، چاپ شانزدهم.
- الصياد: فؤاد
- ـ - الشرق الإسلامي في عهد الإيلخانيين, (١٩٨٧)، منشورات مركز الوثائق و الدراسات الانسانية, جامعة قطر.
- طاش كبرى زاده: أحمد بن مصطفى
- ـ - مفتاح السعادة و مصباح السيادة في موضوعات العلوم, (١٩٨٥), دار الكتب العلمية, بيروت, الطبعة الأولى.
- فهمي: عبدالسلام عبدالعزيز
- ـ - تاريخ الدولة المغولية في إيران, (١٩٨١), دار المعارف, القاهرة.
- كحالة: عمر ڕضا
- ـ - معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية, (١٩٩٣), مؤسسة الرسالة, بيروت, الطبعة الأولى.
- كدرو: نرجس أسعد
- ـ - موقف المغول الإيلخانيين من العقائد و المذاهب الدينية من وفاة هولاكو إلى نهاية حكم أبي سعيد بهادر خان (٦٦٣ - ٧٣٦ هـ/ ١٢٦٥ -

١٣٣٥ م), (٢٠٠٩), رِسالة ماجستير, جامعة عين شمس – كلية الآداب, القاهرة.

- المحمود: عبدالرحمن بن صالح
- ـ – موقف إبن تيمية من الأشاعرة, (١٩٩٥), مكتبة الرشد, الرياض, الطبعة الأولى.
- المرعشلي: يوسف بن عبدالرحمن
- ـ – مصادر الدراسات الاسلامية (العقائد و الأديان و المذاهب الفكرية القديمة و الحديثة), (١٤٢٥ هـ), دار الكتب العلمية, بيروت.
- نويهض: عادل
- ـ – معجم المفسرين من صدر الاسلام حتى العصر الحاضر, (١٩٨٨), مؤسسة نويهض الثقافية, الطبعة الثالثة.

**عضدالدين الإيجي**

**حياته و دوره السياسي في الدولة الإيلخانية**

**(٦٨٠ - ٧٥٦ هـ/ ١٢٨١ - ١٣٥٥ م)**

**ملخص:**

عضدالدين الإيجي أحد العلماء و القضاة الكورد المشهورين في إقليم فارس في القرن الثامن الهجري/ الرابع عشر الميلادي, و من الناحية العلمية يعتبر واحدا من العلماء و الاساتذة المتميزين في الفقه و العلوم الاسلامية, فمن خلال مؤلفاته و نشر أفكاره و آرائه كان له تأثير كبير على قسم من المسلمين, وخاصة المؤيدين لمذهب الإمام الشافعي أو السائرين على منهج الأشاعرة, حيث لازال تأثيره مستمرا, ويعد أحد أكبر أساتذة هذا المنهج.

ونتيجة لشهرته التي اكتسبها من الناحية العلمية أصبح موضع إهتمام لاصحاب النفوذ و السلطة خلال فترة وجيزة سواء داخل اقليم فارس أم خارجه, وهذا مما سهل له طريق الوصول إلى منصب القضاء و النجاح فيه، وكذلك من خلال العلاقات المتمميزة مع أهل السياسة سهل له الأمور لكى يلعب دور التحكيم و الوساطة بين الأطراف المتنازعة.

هذا البحث يتحدث عن الحياة و النتاجات العلمية و الثقافية للعالم الايجي في إقليم فارس في عصر الايلخانيين المغول، وكذلك دوره في ناحيتي القضاء و السياسة, وكذلك حول كيفية تسلمه مهام القضاء و انخراطه في العمل السياسي و علاقاته مع أصحاب النفوذ و السلطة و أرباب السياسة.

**Edhaddin Al-Eji**

**Life and the role of Politics in the ILkhani State**

**) 680 - 756 AH/ 1281 - 1355 AD)**

**Abctract:**

Edhaddin Al-Eji was a famous Kurdish scientist and judge in the Persian region in the eighth century of Hijri/ Fourteenth century of Gregorian. In terms of Science,he is regarded as one of the scholars in the field of jurist and Islamic sciences. Throughout his writings, ideas and opinions, he could affect groups of Muslim especially those who were followers of Shafii Madhab and his effectiveness is continuous till now a day and he is considered as a great scholar of his method.

As a result of obtaining this fame in the field of science in a short period of time, he was able to gain the attention of internal and external administrators and this paved the way to be a successful judge. He could establish a good relationship with the politicians and the majority of the administrators of that era and had an important role in arbitrating conflicting tendencies.

Hence, this research paper sheds light on the life, and scientific of Eji in the Persian region in the era of ILkhan Mongols. As well as his role in the field of politic affairs, and judges. Besides, this research illustrates the causes and methods of receiving the judge s affaires and his relationship with the politician and administrators.